## زنجیره ئەڵقەی هەڵبژاردن ... ئەڵقەی سێیەم... مافپەروەر: ئارام موحسین گەردی

aram_mmmm@yahoo. Com



ئەوەندە وابەستەی نووسینی جوانم، پێم وایە نووسینی جوان تەنها لە مرۆڤی جوان دەوەشێتەوە. ئەوانەشی نووسینی ناشیرین دەنووسن و جنێو دەڵێنەوە مرۆڤی نەخۆشن.
ڕێکلامی هەڵبژاردن کوردستانی ئاڵ و واڵ کرد نەخاسمە ئەوانەی لیستی هاوپەیمانی کوردستانی، بووک و زاوا کە یەکێك بوو لە پۆستەرەکانی 730، سەرنج ڕاکێشترین پۆستەری بوو، هەقە ئێستا لیژنەی باڵای هەڵبژاردن بووکێك بۆ ئەو کوڕە چاپەچیەی مەکتەبی ناوەندی ڕاگەیاندنی پارتی بێنی، کە لە پۆستەرەکە بووکێکی وەهمیان خستبووە دەستی.
ڕێکلام کردن و هەڵبژاردنی وێنەی سەرنج ڕاکێش بۆ پڕۆپاگەندەکردن خوێندنەوەیەکی دەروونیانەی پێشووتری کۆمەڵگای دەوێت، تا بتوانی زۆرترین دەنگدەر لە خۆت کۆبکەیەوە، سەرکەوتنی ئەو تەجرەبەشمان کاتی خۆی لە هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی شارەوانی بینی لە هەولێر، کاتێك یەکێك لە ئافرەتەکانی پاڵێوراو بە جوانیەکەی دەنگێکی زۆری گەنجانی بۆخۆی کێش کرد.
هەرچی لیستی یەکگرتووش بوو، پۆستەرەکانیان زۆربەی ئایەتی قورئانی تێدانووسرابوو، کە ئەوەیان لە ڕووی شەرعیەوە تووشی گوناهیانی کرد، چونکە چاك دەزانن ئەو پۆستەرانە لەوانەیە بکەوێتەوە بەر شاڵاوی دراندنی خەڵکی نەتەوەیی یان بەسرووشتی خۆی کۆن دەبێت و لەهەر پۆستەرێك نیوەی ئایەتەکان دەفەوتێن، ئەمەش گوناهە.
کۆڕەك مۆبایك کە لە هەڵبژاردنەکەی تر، ڕێکلامێکی چاکی بۆ لیستی هاوپەیمانی کرد بە ناردنی زیاتر لە مێسەجێك بۆ بەشداربووانی بۆ دەنگدان بەو لیستە، ئەمجارە بی دەنگ بوو. دەترسم چاوی لە ئاسیاسێڵ کردبێت ( (کە من یەکێك نیم لە بەشداربووانی) ) بۆیە لەو سۆنگەیەوە دەکری بڵێین هەموو چاولێکەرییەك باش نییە.
لە ڕۆژی هەڵبژاردن، ڕووداوگەلی ناخۆش و خۆش هەبوون کە مایەی ئەوەن لەسەریان بنووسرێت، بەڵام دەبێت لەماوەی ئەو ئەڵقانەش سەرێك لە ڕووداوەکەی دهۆك بدەین، کە بۆئەڵقەی داهاتووی بەجێدێڵم، لەگەڵ دەنگدانەکەی هێژا نێچیرڤان بارزانی و خانمەکەی.

بەشەکان:
1 – 2 –